# هەڵوێستی جەلال تاڵەبانی و نوشیروان مستەفا لەسەر هۆکاری جینۆسایدی بارزانییەکان !!

عەلی مەحمود محەمەد

لەسەر هۆکاری تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان, هەندێك لە سەرکردەکانی ی ن ك هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە, ئەوانەی من بزانم بەڕێزان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا, وەك دوو کەسی یەکەمی ینك لەناو ئەوانەدان, هەموو لەگەڵ ئەوەدان پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری ئۆپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران واتا فەجری دووی کردووە, وە ئەمەش بە هۆکاری جینۆسایدکردنی بارزانیەکان دەزانن.

مام جەل: بارزانییەکان دووجار خائینن!
هەڤاڵ کوێستانی لە پەرتووکی ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو دەنووسێت" لە گۆڤاری الگليعە العربيە ژمارە 52ی مانگی ئابی 1984, مام جەلال وتویەتی:" سەدام حەکەمە و دوژمن نییە", بارزانییەکان دووجار خائینن, جارێکیان لەبەر ئەوەی دژی کوردی ئێران شەڕ دەکەن, جارەکەی کەش لەبەر ئەوەی پێش پاسدارانی ئێرانی دەکەون و دژ بە سوپای عێراقی شەڕ دەکەن" ل 350-351 .
مام جەلال: سەبارەت بەوەی بارزانیەکان, وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: ئەمن نەمگوتووە بارزانیەکان, گووتوومە کوڕانی بارزانی- ل 351 - ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو - هەڤاڵ کوێستانی -سلێمانی 2017- چاپخانەی کارۆ.
مام جەلال پێش پاسدارکەوتن و شەڕ کردن لە گەڵ سوپای عێراق بە خیانەت دەزانێت, دوای خۆی جورِِی پارتی دایەوە و لەو جۆرە خیانەتە هەموویانی ڕەت دا, پارتی و حسك فەجری دوویان کرد, ئەو فەجری دە, پارتی فەتحی 3 و 8 ی کرد, ئەو نەسری 4 و 5 و 7, کەربەلاو بيت الموقەدەس و فەتحیش بخەرە سەریان.
لە کاتێك تاڵەبانی ئەم قسانە دەکات, دواتر خۆی بە زێدەوە هەمووی دووبارە دەکاتەوە, پارتی بە تۆزی بەرپێیا ناگات, پارتی ئەگەر لەسەر سنوور شەڕی هاوبەشی کرد, ئەو 150 کیلۆمەتر لە قوڵای عێراق و پاسداری بردە بن کەرکووك.

نەوشیروان مستەفا و ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو
بەڕێز نەوشیروان مستەفا, کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی ی ن ك, لە پەرتووکی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (1979-1983), دەربارەی ئەم کارەساتە و هۆکارەکانی نوسیوویە:
" گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هۆمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق - ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ

هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی. کۆکردنەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و, چاوساغی و ڕێبەری هێزەکانی ئێران و , هێنان و بردنی دێدەوانی تۆپخانەی ئێران ئەمە بەشێکی کەمی ئەو هاوکارییە ئاشکرایە بو. لە هێرشەکانیش دا ئەوان وەکو هێزی یارمەتیدەر و خەریککەر و لێدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن, لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل321, نەوشیروان مستەفا )), کەچی ئەمان دواتر خۆیان بوونە هێرش بەر نەك خەریککەر.
بەڕێزی بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچونەکەی و دەنووسێت:" بەشدار بونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەکانیان لە هێرشەکانی ناوچەی حاجی هۆمەران دا, لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا, بۆ خۆیشی بە خیانەت و دەسبڕین و فێڵ لێکردن ئەژمارد".
لێرەدا نەوشیروان مستەفا تەئکید دەکاتەوە لەوەی پارتی بەشداری شەڕی حاجی هۆمەرانی کردووەو ئەو هاوکارییەی پارتی لەگەڵ ئێران لای بەڕێزی خیانەت بووە, پاداشتی خیانەتکارانیش لای دەسەڵاتێکی فاشی دیارە چییە؟, کەچی دوایی خۆی هەمان تەرز بە زیاتریشەوە دووبارە دەکاتەوەو داهێنانی تێدا دەکات؟.
نەوشیروان مستەفای کۆچکردوو درێژەی پێدەداو دەنووسێت: بارزانی یەکان لە عێراق مابونەوە لە ئۆردوگای بەحرکەو قوشتەپەدا کۆکرانەوە. زۆری پیاوەکانیان بووبوون بە چەك هەڵگری جەیشی شەعبی و بە دڵسۆزی ئەرکەکانی خۆیان بەجێ ئەهێنا (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن, لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل322 , نەوشیروان مستەفا )).
مێژوو نووس جەماڵ نەبەز دەڵێت" نەوشیروان مستەفا جگە لەوەی ئێرانی بە دۆست لە قەڵەم دابوو, هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران و کارە هاوبەشەکانی لە گەڵ ئەو وڵاتەدا بە کارێکی باش و دروست لە قەڵەم دەدا - جەماڵ نەبەز -ئێستەو پاشەرۆژی ل 98 , کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران - عێراقدا..... ل 194".

رەوایەتی دان بە کۆمەڵکوژی

لە ڕاستیدا لەوکاتە ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیانی کوردستان تێکەڵ بە هێزە چەکداری و حیزبیەکانی بەعس ببوون, نەك تەنها بارزانیەکان, وێڕای ئەوەی جەیشی شەعبی بوونەکەی ئەو بارزانییە سڤیل و سادەو ساکارە نەخوێندەوارانە ئەگەر ڕاستیش بێت؟؟, کە لە ڕابردوودا قوربانی و بەرداشی هەموو جوڵانەوەیەکی چەکداری بوونە لە کوردستان, بە ئەندازەی پەیامەکانی هەندێك لە سەرانی ئەو کاتی ینك شەرمەزاری نەبووەو نییە کە لەهەمان رۆژگاردا لە ساڵانی 83-1984, بۆ هەزاران قوتابی کوڕ و کچی مانگرتووی زانکۆی سەلاحەدین دایان کە دەست بەرداری خوێندنەکەیان ببون, لە بەر ئەوەی ئامادەیی لەبەرکردنی بەرگی جەیشی شەعبیان نەبوون, کەچی

پارتەکەی ئەوسای کۆچکردوو بەڕێز نەوشیروان مستەفا کە لەو کاتەدا بۆ خۆشی دووەم کەسایەتی بوو تیایدا, داوای لەبەرکردنی بەرگی جەیش شەعبیان لەو خوێندکارە مانگرتووانە دەکرد یاخود نەرمیان دەنواند لە بەرامبەری, لە ترسی ئەوەی نەوەك گفتوگۆکەیان لە گەڵ ڕژێمدا هەڵبوەشێتەوە, لەوکاتەی کە چەند مانگێك بوو لە بیابانەکانی سەماوە لە سوتگەی جەهنەمی ئەو گەرمایە بە کۆمەڵ بارزانییەکان گولە باران کرابوون.

سزادانی سەرجەم عەشیرەتێك لە بەرامبەر کردەوەی پارتێکی سیاسی, کە سەرکردایەتیەکەی بە دەست ئەو بنەماڵەیەوە بوو, ئەمە بۆ خۆی سزادانێکی فاشیستانەیە, بارزانیەکان ئەم خێڵە پارێزگارە داخراوەی کوردەواری, کە بە توندی بە سەرکردایەتی خێڵەوە گرێدراون, لەوێشەوە بە پارتییەوە, چونکە لە لوتکەدا سەرکردایەتی پارتی و خێڵی بەرزانی یەك دەگرنەوە.

لە کاتێکدا ئەو خەڵکەی کۆمەڵکوژی کران, بۆ خۆیان لەو چرکە ساتە و لەحزە مێژووییەدا سڤیل بوون و هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و ڕێکخستنیان بەو پارتەوە نەبووە, بگرە بەشێکیان بە پێچەوانەی بەرژەوەندییان کاریان دەکرد, بۆیە سەپۆرتکردنی ئەو کۆمەڵکوژییە زەقە بەهەر بەهانەیەك بێت بۆخۆی تاوانەو شەریکە بەش بوونە تیایدا.

نازم دەباخیش قسەی هەیە

نازم دەباغ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران, تەئکید لە بەشداری پارتی لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دووی ناوچەی حاجی ئۆمەران دەکاتەوەو دەڵێت: ئێستا لە هەرێمی کوردستان پارتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموان پتەوترە. ماڵی مەلا مستەفا هەشت هەزار کەسیان ئەنفال کرا، لەسەر هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامی لەناوچەی حاجی هۆمەران.

...... ئەگەر بێتە سەر ئەوەی هاوکارییەکان بەچاوی یەکدا بدەینەوە، پێموایە کوردیش کەمی نەکردووە، یەکێك لەوانە خانەوادەی "ماڵی مەلا مستەفا" هەشت هەزار کەسیان ئەنفال کرا، لەسەر هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆماری ئیسلامی لەناوچەی حاجی هۆمەران لەشەڕەکانی ئێران دژ بە عێراق.

https://www.facebook.com/296224834209968/posts/1045522879280156/

https://www.awene.com/detail?article=42774

لێرەدا لەبەر ئەوەی پێویستی سیاسی هەبوو بۆ ئەم بە چاو دانەوەیە, ڕاستییەکە وتراو کەسیش نەیووت وا نییە.

بۆ ئەزموون وەرنەگیرترا؟؟

ئەوەی شایانی باسە وێرای پارتی کە ئەزموونی فەجری دوویان چەندین جار دووبارە کردەوە, ی ن ك یش نەك ئەزموونی لەم تاوانەو شوێنەوارە مەرگ هێنەرەکانی وەرنەگرت, کە سەرانی سەپۆرتی سزادانەکەی خەڵکە سڤیلەکەیان کردووە بەهۆی هەڵەیەك سەرکردەکان پارتی کردیان لە هاوسەنگەری لە گەڵ ئێرانییەکان دژ بە سوپای عێراق, بگرە دوای سێ ساڵ بۆخۆیان بوونە سوارچاکی هەمان تەرز لە چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێرانیەکان, ناسراوترینیان ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووك و هەڵەبجەن, کۆی گشتی نزیك 20 کاری سەربازی هاوبەش لەو ماوەیەدا بەناو فەتح و فەجرو کەربەلاو نەسرو .... ئەنجامدرا, کە زۆرینەی هێرش بوو بۆ سەر پڕۆژە ئابورییەکان, بە لێدانی نەوتی کەرکوك لە 11 ی ئۆکتۆبەری 1986, کە بە 11 ی سەپتمبەر پێشتر ناوم بردووە دەستی پێکرد.

ئەم تەرزە جەنگە هاوبەشانەی پاسدار-پێشمەرگە لەناو خاکی باشووری کوردستان, ئاکامەکان و کاردانەوەکانی بەعسی فاشی دەکەوێتە ئەستۆی هەر یەك لە "جەلال تالەبانی, مەسعود بارزانی, ئیدریس بارزانی, نەوشیروان مستەفا, رەسوڵ مامەند, حەمەی حاجی مەحمود, مەلا عوسمان عەبدوالعەزیز, مەلا عەلی, ئەدهەم بارزانی و شێخ محەمەد خالید" بڕیار دەری سەرەکی بوون تیایاندا, پێویستە دان بە راستییەکاندا بنێن و بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ.

ئەگەر بەشداری پارتی لە شەڕی حاجی ئۆمەران تاوانێك بێت, ئەوا ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی دیکە کە ینك و پدك و حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبواڵلای کورد کردیان لە 5 ساڵی دواتردا, پاش تاقیکردنەوەی کاردانەوەی بەعس بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو لە حاجی ئۆمەران, چەندین بار تاوانە, چونکە لە حاجی ئۆمەران کاردانەوەی بەعس زانرا, هەموو ئۆپەراسیۆنەکان یاریکردن بوون بە چارەنووسی خەڵکەوە, پەند لەو کاردانەوە دڕندانەی بەعس وەرنەگرترا, بە هەمان رێگادا بۆ بە گورگان خواردن دانی کورددا رۆیشتن.

009647503714620